


# «نەخۆشە ئینگلیزییەکە» قەسیدەیەکی نەمرە بۆ هونەری حەوتەم

**خوێندنەوەی / هەوار شەریف**

*نواندن: ڕالف فاینز، کریستین سکوت توماس، جولییت بینوش، ولیام دافۆ*
*دەرهێنان: ئەنتۆنی مینگیلا*
*بەرهەم: سول زینیتز*
*سیناریۆ: مینگیلا وەرگیراو لە ڕۆمانی نەخۆشە ئینگلیزییەکەی «مایکل ئەونداتجی»*
*جلوبەرگ: ئان ڕوپ*
*موسیقا: غابرییل یارد*
*کۆمپانیای بڵاوکەرەوە: میراماکس*
*ماوە: ١٦٠ دەقیقە*

فیلمی «نەخۆشە ئینگلیزییەکە» «The English patient» یەکێکە لەو فیلمە باش و نایابانەی هونەری حەوتەم دەکرێت بڵێین لە دەرەوەی تەوژمی هالیودەوە توانی ڕووبەڕووی گشت ڕێساو بنەما باوەکانی ستۆریۆ سەرەکییەکانی میترو گولدین مایرو وارنەرو یونیفرسال و پارامونت و فۆکس و ستۆریۆ گەورەکانی دی بێت، فیلمێکە دەکرێت بخرێتە نێو ژانری سینەما داستانییەکان کە ڕواڵەتی زۆر نزیکە بە شارەکانی دیفیدلین «خۆشەویستییەکی ڕۆمانسی- سەرچاوەی ئەدەبی- دیکۆراتی مەزن— دووبارە ژیاندنەوەی ڕواڵەتە مێژووییەکان» هەموو ئەم ڕەگەزانە توانراوە لەلایەن دەرهێنەری بەریتانی لاو ئەنتونی مینگیلا سوودی لێ وەربگرێت و لە سێیەمین شاکاری سینەمایی خۆیدا دارشتەیەکی سەرنجراکێش بەدەردەخات، بە وەرگرتنی دارشتەی چیرۆکەکە لە شاکارە ڕۆمانییەکەی نووسەری کەنەدی «مایکل ئەونداتجی».

دارستانێکە خاوەن زمانێکی سینەمایی باڵاو جوانترین و نایابترین وێنەی سینەمایی دەبەخشێت و سەرئەنجامیش بەدەستهێنانی ٩ خەڵاتی ئۆسکار «باشترین فیلم- باشترین دەرهێنان- باشترین وێنەگرتن- باشترین بەرهەمهێنان- باشترین بەڕێوەبەری هونەری- جلوبەرگ- یاریدەدەری ئەکتەر- مۆسیقا- دەنگ».

«نەخۆشە ئینگلیزییەکە» توانی لە فراوانترین دەروازەوە بچێتە نێو مێژووی سینەماوە تێیدا مینگلای دەرهێنەر بەشێوازی «فلاش باک» چیرۆکێکی خۆشەویستی لەنێوان ئۆرستۆکراتییەکی ئەوروپی «ڕالف فاینز» و ژنێکی بەمێرد «کریستین سکوت توماس» بەدەردەخات، کە لە ڕێی گەشتێکی تایبەتی لە بیابانەکانداو لە میانەی جەنگی جیهانی دووەم بەیەک دەگەن، ئەو گێڕانەوەی چیرۆکەکەش لە ڕێی نەخۆشییەکی ڕوخسار شێواوە لەنێو دەیرێکی ئیتالیا لەسەرە مەرگدایەو تەنها پەرستیارێکی دڵنەرم «جولییت بینوش» چاودێریی دەکات و گوێگری ئەو یادەوەرییە بە ئازارەی ئەم نەخۆشەیە، ئەم فیلمە لەسەر ئەو کارتێکەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە کاری کردووە کە ڕواڵەتی جەنگ بەجێدەهێڵێت.

دەرهێنەر شێوازێکی سینەمایی وای بەکارهێناوە کە کراوە بێت بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو: ڕوانینی دەرهێنانی هاوتای ساتێکی سینەمایی شیعریە. فیلمەکە کاتێک دەست پێدەکات کە گرتەکە دەست پێ دەکات سینەماش خاوەن ئازادییەکی ئەفرێنەرانەیە.

پرۆسەی دەرهێنان لەم فیلمەدا تا ئاستێکی باڵا کراوەیە، باوەری بە شێوەو وێنەیەکی سینەمایی باو نییە یان ڕێسایەکی چەقبەستوو، بەڵکو دەرهێنەر بە ئازادییەکی زۆرەوە مامەڵە دەکات تەنها سەرچاوەشی خودی کیانی مرۆییەو ئەو هەست و سۆزەی نێوناخی مرۆڤەکەیە هەوڵی نەمرکردنی دەدات، ئەنتۆنی مینگیلای دەرهێنەر لە ڕێی وێنە سینەماییەکانی ئەم فیلمەی فەلسەفەیەکی تایبەتی بۆ چاکەو خراپە- ژیان و مردن- جوانی و ناشرینی- ڕووناکی و تاریکی دارشتووە. ئەوەی سەرکەوتنی ئەم فیلمەی بەدەستهێنا ئەو کەسانەن کە لە پشت فیلمەکەوەن، یەکێک لەوانە بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیر «سول زینتز» کە سێ جار توانی خەڵاتی ئۆسکار بەدەستبهێنێت بۆ ئەو ٣ فیلمەی لە بەرهەمهێنانی بووە «یەکێ بەسەر هێلانەی کوکوختیەکان فری ١٩٧٥- مادیوس ١٩٨٤- نەخۆشە ئینگلیزییەکە ١٩٩٦» ئەوەی لەم بەرهەمهێنەرەدا سەرنجراکێشە، باوەری بە توانا کاری دەرهێنەرە گەنجەکانەو بەخشینی بواری ئالتونییە پێیان، لە نموونەی «میلوش فورمان کە ئەرکی دەرهێنانی دوو نایابترین فیلمی پێ بەخشی و هەردووکی خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت» یەکێک بەسەر هێلانەی کوکوختیەکان فری- ئەمادیوس» هەروا دەرهێنەران «فیلیب کاوفمان بە فیلمی «The Unbearable lightness of being»و هیکتور بانبکو بە فیلمی «At play in the fields of the lord» و دواتریش ئەنتونی مینگیلای ئینگلیزی.



ئەم لاوە دەرهێنەرە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ لەندەن سەرەتای کاری هونەری لە تەلەفزیۆنی بەریتانی بووەو ئەو زنجیرە (tv) سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناو یەکەمین فیلمی «بەراستی- بەقولی- بەشێتی ١٩٩١»، فیلمی دووەمی «Mr. Wonderful» ١٩٩٣.

دەربارەی نواندن لەم فیلمەدا ئەکتەری بەریتانی «ڕالف فاینز» هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە توانی ئاستی باڵا بەدەستبهێنێت، یەکەمین دەرکەوتنی ڕۆڵی ئەفسەرێکی سادە بوو لە فیلمێکی «ستیفن سبیلبرگدا» «لیستی شیندلر»و توانی کاندیدی بکات بۆ ئۆسکاری باشترین ئەکتەری یاریدەدەر، هەروەها دواتر دەرکەوتنی بوو لە پرۆگرامی نمایشی ڕوبیرت ڕیدفۆردو «ڕۆژەنامۆکان» هەروەها فیلمی «ماکونی مندالْ»و «The Averngers» کە ئەم فیلمە لە زنجیرە (tv) بەناوبانگی شەستەکان وەرگیراوە.

یەکێک لە ئەکتەرەکانی دی نێو ئەم فیلمە کچە ئەکتەری فەرەنسی «جولییت بینوش» کە بە ڕۆڵی «هانا» لەنێو فیلمەکەدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەری بەدەستهێنا، یەکێکە لە ئەستێرەکانی سینەمایی فەرەنسی یەکەمین دەرکەوتنی لە فیلمی «ئەمەوێ سڵاوێ لە ماری بکەم» دەرهێنەر جان لوک گۆدار هەروا فیلمەکانی «ژوان- خوێنێکی خراپە- دڵدارەکانی پردی ٩......»و چەندین ئەکتەری بەتوانای دی.

ئەم فیلمە لەسەر دوو هێڵی سەرەکی تێدەپەڕێت؛ یەکەمیان: دەیرێکی ئیتالییە کە چوار کەس دەبینرێت...: نەخۆشەکە کە ڕابردوویەکی بە ئازاری هەیەو تووشی کارەساتی ئاگرگرتنی فرۆکەکەی بووەو لەسەرەمەرگدایە، کچە پەرستیارەکە (هانا) کە هاورێکەی لە تەقینەوەی میندا لە دەستدەدات «کیب سینیگ» پوچەڵکەرەوەی مینەکان هندییەو پەرستیارەکە خۆشەویستی بەرامبەری دەنوێنێت و کارەکتەرێکی هێمن و لەسەرخۆیە، دیفید کارافاجیوکندیەو لەلایەن نازییەکانەوە دەگیرێت و پەنجەکانی دەشکێنن بەو پێیەی کە پەیوەندی هەیە بە حکومەتی کەنەدی و هاوپەیمانان، دواتر ئاشکرا دەبێت بۆیەکلایی کردنەوەیەکی کۆن بەرامبەر نەخۆشە ئینگلیزییەکە دێتە ناو دیرەکەکە، ڕووداوەکەش لە ڕۆژانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدایە.

بەڵام هێڵی دووەم جوانترین هێڵەو تێیدا لە بیاباندا ڕووداوەکە دەبینرێت لەوێدا کونت ئەلمانشی، کاپرین کیلینفون دەناسێت، ئەو ژنە بەریتانیە جوانە کە هاوسەری کەسێکە خۆشی ناوێت، کە ناوی جیفریەو جاسوسێکە دەزگای هەواڵگری بەریتانی ناردویەتی بۆ وەرگرتنی وێنەی ئاسمانی و وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی باکووری ئەفریقا. ئەنتۆنی مەنگیلا دارشتەیەکی باڵاو سەرنجراکێش لەنێو پەیوەندییەکدا بۆ ئەم دوو کارەکتەرە دادەڕێژێت.

لە کۆتایشدا بڕیاری پێکەوە بوونیان و دواتر کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکە، دەرهێنەر شێوازی فلاشباگی زۆر زیرەکانە بەکارهێناوەو توانیویەتی هەردوو هێڵەکە هاوتابکات لەنێو قەسیدەیەکی سینەمایی سەرنجراکێشدا بەدەری دەخات.

## ناسری ڕەزازی
# کەناڵەکانی تەلەفزیۆن تاوانبارن لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی لاواز

**سەباح عەلی قارەمان / کفری**

***× مۆسیقای کوردی بە ئاراستەی عەربی دەبرێت لەو گۆرانیانەی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردودا کراوە میلۆدی عەرەبی تیدا زاڵە هۆکارەکەی چیە؟***

__ هەتا ئێستا مۆسیقای کوردی نەیتوانیوە وەڵامی خواست ویستەکانی کۆمەڵانی کۆمەڵگای کوردەواری بێت، بە گەنج و لاوو پیرەوە باشە، بەشێکی زۆری کێشەکان لە کوردستان ئەوەیە کە برێکی زۆر پارە سەرف دەکرێت بەڵام بۆ هونەر نا هونەریش وەکو بەشێک لە ژیان سەیر ناکرێت تا ئێستا کوردستان ستۆدیویێی دەنگی تێدانیە وە درووست نەبووە ئامێری باش نەهاتوتە کوردستان، بەداخەوە بوتە پاشاگەردانی پاشا گەردانێکەش کەناڵە تەلەفزویۆنیەکان تاوانبارن، گۆرانی بێژانی ئێمە بەرهەمی لاواز زۆر بلاو ئەکەنەوە، بەجۆرێک گەنج و لاو خەلکی ئێمە ئێستا تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و مامڵێی لەبیر چۆتەوە.

***× ئەمە دەستێکی لە پشتە یان مۆدێلێکی نوێ یە گۆرانی بێژان و هونەر مەندانی بە کاری دەهێنن ؟***

__ بەشێکی مۆدێلی نوێ یە بە شێکی تەکنیکی خێرای دنیایە ئەمرۆهونەر تەنها لە کوردستان نە گەیشتوەتە بنبەست، هونەر لە هەموو دونیا گەیشتوەتە بنبەست تەنها هونەری کوردی نیە توشی جەڵدە بووە، هونەر ی تورکیش و عەربیش و فارسیش بەدەست ئەم پەتایەوە دەناڵێنن هەڵبەتە بواری کۆمەڵایەتی و بواری ئابوری وڵاتەکان جیاوازن بەشێکی دیکەشی بەرنامە ڕێژی بۆ دەکرێت ئینسان گەلێک لێرە بوونەتە بەرپرسی کاری هونەری کە بەراستی شیاوی ئەوە نین ئەوجێگا یەیان هەبێت، بەڵام بەداخەوە بەکەیفی خۆیان گۆرانی بێژی عەرب و فارس بانگێشت دەکەن بۆ کوردستان، بەداخەوە کچە کوردی زۆرمان هەیە گۆرانێکان ئەبەنە میسر، ئەیبەنە ئێران و تورکیا تۆماری ئەکەن من دژی ئەوەنیم کە تۆ برۆیت لە تورکیا گۆرانی تۆماربکەیت، بەڵام دژی ئەوەم ئەرۆیتە تورکیا، بەرهەمی تورکی مەهێنەرەوە خۆ تورکیا کوردی زۆرە ژەنیاری کوردی زۆرە کارێ بکە کە بەرهەمەکەت کوردی بێت بەڵام نەک گۆرانی عەربی بێنیت بیکەیت بەکوردی، ئێستا گۆرانی فارسی دەهێنن ڕاستەو خۆ ئەیکەن بە کوردی یانی دەقاو دەق دیکەنەوە سەر کوردی کەئەمەزۆرخەتەرە.

***× چی بکرێت بۆ ڕێ گرتن لەو کارە باشە ؟***

__ من نازانم وەزارەتی ڕۆشنبیری لێرە ئیشی چیە!؟ باشە ئەم هەموو تابلۆ غەلەتە چیە لە کوردستان ئەم هەمووشەهەڵەیەچیەلەڕۆژنامەکانا بڵاو دەکرێتەوە، پۆزش چیە پۆزش وشەیەکی فارسیە داوای لێبوردن هەیە بۆ پۆزش بەکار ئەهێنیت یانی ئەو وشەی شوناس چیە لە کا تێد ا پێناسەت هەیە زمانی زۆری ڕۆژنامەکان هەڵەیە، فلتەریاێکیان نیەکەسێک نیە کۆنترۆلیان بکات ئەمە خەتەرە بۆ داهاتوی کوردستان ڕێگرتن لەم دیار دەیەش کاری وەزارەتی ڕۆشنبیریە دەنا کاری هیچ لایەکی دیکە نیەو پێویستە ئەوان دەستەیەک دروست بکەن بۆ ڕێگرتن لەمە.

